# کـــوردستانـــی ســـۆر

# ١٩٢٣تـــا ١٩٢٩

(کوردستانی سوور - Kurdistana Sor) بە ئازەربایجانی: (Qizil Kurdistan) [١] بە رووسی : Красный Курдистан) وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لەژێر دەسـتەڵاتی یـەکێتیی سـۆڤیەتی پێشوودا لـە سـاڵی ١٩٢٣ تـا ١٩٢٩ دادەنرێت. زمانی سەرەکی کوردی – زاراوەی کرمانجی بوو. پایتەختەکەشی شاری لاچین بووە.

## ئاڵای کوردستانی سۆر

بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و سیاسی ئەم کۆمارە لەناو سنوری یـەکێتی سـۆڤیەتی جاران. ئەسـتێرەیەکی سوور لـەناو رووبـەرێکی سـەوزر دەبینـرێ. هـەروەها ئـەم ئاڵایـە لـە شـێوە و رەنگەکانی زۆر نزیکی ئـاڵای کانتۆنـەکانی خۆرێبـەری ئێستای رۆژئاڤای کوردستانە.



## مـــێـــژوو

دوای مۆرکردنی پەیمانی هێرش نەکردنە سەر یەکتر "عدم الاعتداء" لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و تورکیا لە رۆژی ٦ی ئاداری ١٩٢١. پاش دوو ساڵ لەو پەیمانە لە رۆژی ٤ی تـەمموزی ١٩٢٣، حکومـەتی مۆسکۆ مەرسومێکی دەرکرد، کە بە پێی ئەو مەرسومە مـافی خۆبەرێوەبـەریان دایـە ئـەو هـەرێم و ناوچانەی کوردیـان تێدا نیشتەجێە، ناویان نا کۆماری کوردستانی سوور و پایتەختەکەی شاری لاچین بووە. ئـەو کۆمـارە بەشێکی خـاکی ئازەربایجانیش گرتبووەوە، پاشـان ناوچـەی نـاکۆرنی کـەرەباخیش وەك ناوچـەیەکی ئۆتۆنـۆمی خرایەسـەری. هـەروەها لـە شـوباتی ١٩٢٤ ناوچـەی نەخشەوانیش خرایـە سـەر سـنوری ئـەو کۆمـارە. رووبـەری گشـتی ئـەو کۆمـارە گەیشـتە ٥٥٠٠ کیلۆمـەتر چوارگۆشـە و رووبەری سنوری هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئەو کۆمارە ٥٢٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە بووە.

# جــوگـــرافـــيا

ئەو ناوچەیە دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاَتی کوردستانی گەورە و باشوری رۆژئاوای یەکێتیی سۆڤیەتی جاران. بە گوێرەی نەخشەی ئێستا دەکەوێتە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، کە تاکو ئێستاش کێشەیەکی زۆری لەسەرە . شەرێکی توندو دژوار لەسەر ئەم ناوچەیەدا لە سالآنی سەرەتای نۆوەدەکانی سەدەی رابردوو، لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان دروست بوو، کە هەر یەکێك لەم ولآتە خۆی بە خاوەنی دادەنێت. لەو شەرەدا زیاتر لە ٣٠ هەزار قوربانی هەردوولا کەوتەوە.

بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦ کە لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە ئەنجام دراوە . ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سۆر زیاتر لە ٥١٢٠٠ کەس بووە. رێژەی دانیشتوانی کورد (٧٣٪،١) بووە و لە (٢٦٪،٣) ئازەربایجانی بووە.دوای ئەم سەرژمێریە هیچ سەرژمێریەکی تر لەو ناوچەیە لە چوارچێوەی ئەو سنورە نەکراوەتەوە.[٢][٣]




هەڵکەوتەی جوگرافیای ئیقلیمی کوردستانی سۆر

# نەخشـــــەی سیاســـی کـــوردستانـــی ســـۆر




نەخشەی سنوری کوردستانی سۆر لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٩




نەخشەی کوردستانی سۆر  و بەشێك لە ناوچەکانی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٣٠




نەخشەی کوردستانی سۆر

information bank

## ژیاندنەوە

لە ساڵانی ١٩٩١- ١٩٩٢ هەندێك هەوڵ و چالاكی دران بۆ دامەزراندنەوەی كوردستانی سۆر لەژێر ناوی كوردستانی قەوقاز. بەلاّم كارەكە سەری نەگرت . وەكیل موستەفائیف، كەسێك بوو، كە لەو سەردەمەدا لەلایەن رووسیا و ئەرمینیاوە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ئەو كۆمارە دەستنیشان كرابوو و پشتگیریشی لێدەكرا. بەلاّم دواتر بە هۆی نەبوونی پاڵپشتی هەرێمی و نێودەوڵەتی و جەماوەری ئەم هەوڵە شكستی هێنا. جگە لەوەش ئەرمینیا پشتگیری ئەو كۆمارە و هەوڵەی دەكرد لە دژی ئازەربایجان ئەمەش بووە هۆی كەرتبوونی ریزی كوردانی لاچین و بەدەستنەهێنانی پشتگیری پێویست. دوای ئەوەی وەكیل شكستی هێنا هەر ئەو ساڵە رۆیشتە ئیتالیا و لەوێ مافی پەنابەری سیاسی بەدەستهێنا (٤)

پەراوێز:


1. http://azerbaijan.az/_Districts/_districts_a.html
2. http://www.kurdmedia.com/article.aspx?id=7857
3. http://www.scribd.com/doc/16800029/Kurdistana-SorKIZIL-Kurdistan
4. http://www.avestakurd.net/pkk-kurdistana-sor-bi-4-m%C3%AElyon-dolar-firot-roportaj,48.html

- ^ (بالروسية: ) Russia and the problem of Kurds

Müller, Daniel “The Kurds and the Kurdish Language in Soviet Azerbaijan According to the All-Union Census of December 17, 1926”. The Journal of Kurdish Studies Vol. 3, pp. 61–84.

Müller, Daniel. “The Kurds of Soviet Azerbaijan 1920-91” Central Asian Survey v.19 i.1 (2000), pp. 41–77.


بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم ڤیدیۆیانە بكە:-

- https://www.youtube.com/watch?t=1666&v=ckfh-UvIA1U
- https://www.youtube.com/watch?t=1&v=xPY-r67WTUc

P.U.K information bank